حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٢٨٤٣٢ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

( I SO9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢٠٢٤/٧/٢٩

## ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٤)

## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاروباری پەناخوازان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦ی ساڵی ٢٠٠٩) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری پەناخوازان و یەکخستنی پرۆسەی وەرگرتنی پەناخوازان و پاراستنی مافەکانیان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی و دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی پەناخوازان، لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لە پێناو باشترکردن و بەهێزکردنی هەماهەنگی لەنێو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومی و ناحکومی لە هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە.

### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە کە ماناکانیان بەرامبەریانە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە:

١. **هەرێم :** هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢. **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣. **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤. **دەزگای ئاسایش:** دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتیی ئاسایش.

٥. **ناوەند JCC :** بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.

٦. **ڕەگەزنامە :** بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم.

٧. **ئاسایش:** بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگاکانی هەرێم.

٨. **نشینگە:** بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی پارێزگاکانی هەرێم .

٩. **کۆچ و کۆچبەران:** بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە پارێزگاکانی هەرێم.

١٠. **UNHCR:** کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران.

١١. **کارتی سەلماندنی کەسێتی:** کارتی سەلماندنی کەسێتی دەدرێت بە کەسانی بیانی شیاو لە هەرێم، بەپێی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە.

١٢. **کەسی بیانی :** ئەو کەسەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت.

**١٣. داواكار :** ئەو كەسە بيانيەيە لە هەرێمی كوردستان داوای مافی پەناخوازی دەكات.

**١٤. پەناخواز:** هەركەسێكی بیانی، كە خواستی خۆی دەردەبڕێت بۆ پاراستنی، یان مەترسی لە سەلامەتی ژیانیدا هەبوو. ئەگەر بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، یان ئەو وڵاتەی كە بە شێوەیەكی بەردەوام لێی نیشتەجێیە، بەبێ ڕەچاوكردنی ئایا بە شێوەیەكی فەرمی یان نافەرمی هاتووە.

**١٥. بەیەكگەیاندنی خێزان (لم الشمل):** گەیاندنی ئەندامانی خێزانی هەڵگرانی كارتی سەلماندنی كەسێتی بە یەكتر ئەمەش (باوك، دایك، منداڵ، هاوسەر) دەگرێتەوە.

**١٦. نەناردنەوەی بە زۆرە ملێ:** داواكار یان پەناخواز ناگەڕێندرێتەوە، یاخود دەرناكرێت یان ڕادەستبكرێتەوە بۆ هەر وڵاتێك كە هۆكاری تەواو و باوەڕپێكراوی هەبێت كە توشی ئەشكەنجەدان، مامەڵەی نامرۆڤانە، یان بێ ڕێزیكردن، یان پێشێلكاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ دەبێت.

**١٧. دەركردن:** ڕێكارەكانی دەركردنی هەڵگرانی كارتی سەلماندنی كەسێتی بۆ دەرەوەی هەرێم، بە بڕیاری وەزیر دەبێت لە سەر بنەمای پێشنیاری لایەنی پەیوەندیدار وەك (ئاسایش، نشینگە).

**١٨. لیستی قەدەغە:** ئەم لیستە ئەو ناوانە لە خۆدەگرێت كە چیتر ناتوانن سودمەندبن لەو پاراستنەی پێشكەشكراوە لە لایەن هەرێمەوە لە ڕێگەی كارتی سەلماندنی كەسێتی بە هۆی دەركردنیان لە هەرێمی كوردستان بە هۆكارێكی ڕاستەقینە، جگە لە حاڵەتی هەلاوێر (استثناء)، لە دوای پەسندكردنی لەلایەن وەزیری ناوخۆوە.

**١٩. گواستنەوەی دۆسیە:** گواستنەوەی دۆسیەی پەناخوازە لە نێوان پارێزگاكانی هەرێم.

**٢٠. ڤیزەی دەرچوون:** ڤیزەی دەرچوون دەدرێت بە هەڵگرانی كارتی سەلماندنی كەسێتی لە سەر پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی گەشتكردن (وثیقة السفر) بە مەبەستی دەرچوون بە شێوەیەكی كاتی یان هەمیشەیی لە دەروازە نێودەوڵەتییەكانی هەرێم.

**٢١. لیژنەی ئاستی پارێزگا:** لیژنەكە پێك دێت بەسەرۆكایەتی نوێنەری نشینگە و ئەندامێتی (JCC ، ئاسایش)، كاری ئەم لیژنە چاوخشاندنەوە دەبێت بە داواكاری پەناخوازان.

**٢٢. لیژنەی پێداچوونەوەی ئاستی هەرێمی:** لیژنەی باڵا لە وەزارەتی ناوخۆ پێك دێت بە سەرۆكایەتی نوێنەری بەڕیوایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە و ئەندامێتی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەكان ، نوێنەری ئاسایشی گشتی) كاری ئەم لیژنەیە پێداچوونەوە (طعن) لەو بڕیارانەی كە لە لیژنەی پارێزگاكان بەرامبەر پەناخوازان دەردەچن .

## كارتی سەلماندنی كەسێتی

**ماددەی دووەم:**

ئەمانەی خوارەوە مافی داواكردنی كارتی سەلماندنی كەسێتی هەیە:

١. هەر كەسێكی بیانی كە سەرجەم ڕێككارەكانی ئەم ڕێنماییەی جێبەجێ كردبێت.

٢. ئەو كەسانەی پێویستیان بە پاراستنی كاتی یان تەواوكاری هەیە و ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

٣. ئەو كەسانەی كە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان یان ئەو شوێنەی كە پێشتر بە هۆكاری مرۆیی لێی نیشتەجێبوونە.

## ڕەتكردنەوەی داواكاری بۆ مافی پەناخوازی

**ماددەی سێیەم:**

داواكاری بەدەستهێنانی مافی پەناخوازی لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕەتدەكرێتەوە:

١. ئەگەر داواكار هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بوو.

٢. ئەگەر داواکار (چەکدار) بوو.

٣. ئەگەر هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو هەبێت لەم بارانە:

أ- داواکار تاوانی (دژی ئاشتی، تاوانی جەنگ)، یان تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دابێت.

ب- داواکار تاوانبار بوو بە کارێکی تەواو پێچەوانەی مەبەست و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤. ئەگەر هۆکارێکی تەواو باوەڕپێکراو هەبوو، کە داواکار مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێم و عێراق دروست دەکات، یان تاوانبارکراوە بە تاوانێکی مەترسیدار بە بڕیارێکی کۆتایی.

٥. هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو هەبوو، کە داواکار تاوانی ناسیاسی مەترسیداری لە دەرەوەی سنووری هەرێم و عێراق ئەنجام دابێت.

## ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری مافی پەناخوازی

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری :**

داواکار یەکەمجار بۆ بەدەستهێنانی مافی پەناخوازی دەبێت ئەم ڕێکارانە جێبەجێ بکات:

١. داواکار پێویستە پەیوەندی بکات بە دام و دەزگای حکومەت یان کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بۆ تۆمارکردن لەسەر ئاستی پارێزگاکان. کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران تۆماریان دەکات، بەڵام فۆڕمی تۆماریان ناداتێ تاوەکو ڕەزامەندی ئاسایش بەدەست دەهێنێت.

٢. داواکار پێویستە سەردانی ئاسایش بکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئاسایش، بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر ماددەکانی ئەم ڕێنماییە، ئاسایش نووسراوی ڕەزامەندی دەردەکات بۆ داواکاری ڕێپێدراو، کە ماوەکەی لە (٦٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.

٣. ئاسایش لیستی ئەو کەسانەی کە ڕێپێدانیان وەرگرتووە و ئەوانەی ڕێپێدانیان وەرنەگرتووە دەنێرێت بۆ JCC و نشینگە لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەروەها بۆ کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران.

**دووەم : ئەوانەی ڕەزامەندییان پێدراوە:**

١. پێدانی بڕوانامەی تۆمار لە لایەن کۆمسیاری باڵای پەنابەران لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لە بارودۆخی ئاساییدا، ئەگەر لەو ماوەیەدا نەتوانرا ئەو فۆرمە بە دەستبێنێت، ئەوا ئاسایش ڕێکاری پێویست بەرامبەری دەگرێتەبەر بەپێی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە، بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بەڵگەیەکە کە ئەو کەسە تۆمارکراوە، وەکو کەسانی جێی بایەخی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کاروباری پەنابەران. بڕوانامەکە بە جێگرەوەی (کارتی سەلماندی کەسێتی، مۆڵەتی کارکردن و ڕێگە پێدانی هاتن و چوون، مۆڵەتی شۆفێری) هەژمارناکرێت، ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران وەردەگرن، پێویستە ڕێکاری پێوست بگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی مافی پەناخوازی بۆ ئەوەی شایستەی ئەو مافانە بن کە هەڵگرانی کارتی سەلماندنی کەسێتی هەیانە.

٢. دەرهێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی پارێزگاکان دەبێت بە پێی ئەم ڕێنماییە.

**سێیەم : ئەوانەی ڕەزامەندییان پێ نەدراوە:**

پێویستە لەژێر پاراستن و چاودێری بێت تاکو کەیسەکانیان یەکلایی دەکرێتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگای حکومی پەیوەندار بەم شێوەیەی خوارەوە.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفون: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd

١. JCC هەڵسەنگاندن بۆ پێداویستییە هەنووکەییەکانی داواکار دەکات بۆ دابینکردنی شوێنی مانەوەی کاتی بۆ ئەوانەی داواکاریان پێشکەشکردوە بۆ بەدەست هێنانی مافی پەناخوازی، بە گوێرەی ڕێکارەکانی وەرگرتن لە کەمپ.

٢. داواکار دوای ڕەتکردنەوەی داواکەی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ئاگادارکردنەوەی لە بڕیارەکە مافی پێشکەشکردنی تانەی هەیە، لە نشینگە و دواتر لەڕێگەی لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئاستی (پارێزگا و هەرێم ) پێشنیاری خۆیان بەرز دەکەنەوە، لەم بارەیەوە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بڕیار لەسەر کەیسەکە دەدات.

**چوارەم: بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ دەرهێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی:**

١. ڕەزامەندی ئاسایش.

٢. فۆڕمی UNHCR (ماوە بەسەر نەچوو).

٣. بەڵگەنامەی ناساندنی نیشتمانی (ئەگەر هەبوو).

٤. بەڵێننامە بۆ ئاسایش، کە پشت ڕاستی بکاتەوە هەموو زانیاریەکان و بەڵگەنامەکانی پێشکەش کراون ڕاست و دروستن، نەبوونی بەڵگەنامە نابێت ببێتە بەربەستێك لەبەردەم پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ئەو مەبەستەش بەڵێننامە دەکرێت وەکو جێگرەوە کاری پێبکرێت لەکاتی نەبوونی بەڵگەنامەدا.

٥. پشتگیری نیشتەجێبوونی پەسەندکراو لە لایەن ئاسایشی سنوورەکەی و JCC.

٦. پشکنینی تەندروستی، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی نەبوونی نەخۆشی گوێزراوە.

**لێسەندنەوەی کارتی سەلماندنی کەسێتی**

**ماددەی پێنجەم:**

کارتی سەلماندنی کەسێتی وەردەگیرێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١. هەڵگری کارت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بە هەمیشەیی هەرێم و عێراق بەجێی بهێڵێت بۆ وڵاتی خۆی، یان وڵاتی سێیەم.

٢. هەڵگری کارت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە رەگەزنامەی وڵاتی سێیەم وەربگرێت.

٣. گۆڕانکاری لەو وڵاتەی کە لەترسی چەوەساندنەوە لێی هەڵهاتبوو یان هۆکارەکانی شیاوبوونی بۆ بەدەست هێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی لە هەرێم نەماوە.

٤. پەناخواز نابێت لەهەمان کاتدا لە پاراستنی نێودەوڵەتی لە دوو وڵاتدا سودمەند بێت.

٥. ئەگەر دەرکەوت بۆ لیژنەی باڵای هەرێمی، هەڵگری کارتی سەلماندنی کەسێتی پێویستی بە پاراستنی نێودەوڵەتی نەماوە ئەوا بەڕێز وەزیری ناوخۆ بڕیار لەسەر کەیسەکە دەدات.

٦.

أ- هەڵگری کارتی سەلماندنی کەسێتی ئەگەر هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو هەبێت، تاوانی دژی ئاشتی، تاوانی جەنگ، یان تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.

ب. تاوانبار بوو بە کارێکی تەواو پێچەوانەی مەبەست و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٧. ئەگەر هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو هەبوو کە هەڵگری کارت تاوانی ناسیاسی مەترسیداری ئەنجام دابێت لە دەرەوەی سنووری هەرێم و عێراق، وە هەڵسەنگاندن بۆ دام و دەزگای حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیل: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
24/ 07/ 2024
(burhan)

٨. هەڵگری کارت مافی سەردانی کاتی هەیە بۆ وڵاتی خۆی یان هەر وڵاتێکی تر و ڕێگەی پێ دەدرێت بگەڕێتەوە، ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، بۆ بارودۆخی هەڵاوێر (استثنائی) و هەڵسەنگاندن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

٩. بڕیاری لێسەندنەوەی کارتی سەلماندی کەسێتی دەنێردرێت بۆ لیژنەی پێداچوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لیژنەکە پێداچوونەوە بە بڕیارەکە دەکات، پێشنیاری خۆی پێشکەش دەکات چ بە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە، یان پشتگیریکردن لە بڕیارەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بارودۆخی ئاساییدا.

١٠. ئەو بڕیارەی لە لیژنەی پێداچوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا دراوە، پێویستە ڕاستەوخۆ بنێردرێت بۆ لیژنەی پێداچوونەوە لەسەر ئاستی هەرێمی، کە پێشنیار کراوە بۆ بەرێز وەزیر بەدەرکردنی هەڵگری کارت.

## دەرکردن

**ماددەی شەشەم:.**

لە دەسەڵاتی بەرێز وەزیرە بە دەرکردن و هەڵوەشانەوەی هەڵگری کارت لە هەرێم، لەسەر بنەمای ئاسایشی نیشتمانی، دوای پێشنیاری لیژنەی پێداچوونەوە لەسەر ئاستی هەرێم وەکو ئاماژەی پێکراوە لەم ڕێنماییە بە گرنتەبەری ئەم ڕێکارانە:

١. پێویستە بنەمای نەناردنەوەی بە زۆرەملێ جێبەجێبکرێت و کەسەکان کاتێکی گونجاویان پێبدرێت بە مەرجێك کەمتر نەبێت لە (٣٠) سی ڕۆژ بۆ جێهێشتنی هەرێم. بەدەر لە هۆکارەکانی ئاسایش پێویستە ڕاستەخۆ هەرێمی کوردستان جێبهێڵێت.

٢. ئەگەر داوای ڕادەستکردنەوە لە لایەن وڵاتی سێیەمەوە پێشکەشکرا، پێویستە حکومەتی هەرێم دڵنیاببێتەوە کە ڕادەستکردنەوەکە نابێتە هۆی ئەوەی کە پەناخواز بکەوێتە ژێر هەڕەشەی چەوساندنەوە، یان ئەشکەنجە، یان هەر زیانێکی تری جێگرەوەی مەترسیدار لەو وڵاتەدا، یاخود دواتر لەوێوە بنێردرێتەوە بۆ وڵاتی ڕەسەنی خۆی یان وڵاتی سێیەم کە ئەم مەترسیانەی هەبێت.

## بنەمای نەناردنەوەی بە زۆرەملێ

**ماددەی حەوتەم :**

١- داواکار یان پەناخواز ناگەڕێندرێتەوە، یاخود دەرناکرێت یان ڕادەستبکرێتەوە بۆ هەر وڵاتێك کە هۆکاری تەواو و باوەڕپێکراو هەبێت کە تووشی ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی نامرۆڤانە یان بێ ڕێزیکردن یان پێشێلکاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ دەبێت.

٢. بەدەر لە خاڵی یەکەم، کاتێک هۆکاری تەواو باوەڕپێکراو هەبێت، ئەو کەسە (داواکار یان پەناخواز) مەترسییە بۆ ئاسایشی هەرێم یان عێراق.

٣. هەڵسەنگاندنی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم ڕێنماییە دەمێنێتەوە.

## هاتنە ژوورەوەی داواکار یان پەناخواز بۆ هەرێم

**ماددەی هەشتەم:**

١. ئەو کەسانەی (بە شێوەی فەرمی) دێنە هەرێمی کوردستان، ئەوا بە پێی ڕێنمایی ڤیزە و نشینگەی بەرکار لە هەرێم ڤیزەی هاتنە ژوورەوەیان پێدەدرێت، پێویستە لەماوەی ماوەی (٣٠) ڕۆژ پێش تەواو بوونی ماوەی ڤیزەکەی خۆیان بناسێنن بە پێی ڕێکارەکانی ئەم ڕێنماییە و داوای مافی پەناخوازی بکەن.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
24/ 07/ 2024
(burhan)

٢. ئەو کەسانەی داوای پەناخوازی دەکەن و (بەشێوەی نافەرمی) دێنە هەرێم پێویستە بە شێوەیەکی فەرمی خۆیان بە پێی ئەم ڕێنماییە بناسێنن لەماوەی (٣٠) ڕۆژ دا. ئەگەر لەم ماوە دیاریکراوەدا خۆی نەناساند بەبێ هیچ هۆکارێکی باوەڕپێکراو (أسباب مقنعة) ئەوا دەبێت بەپێی هەردوو یاسای (نشینگەی بیانی و پاسپۆرت) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٣. ئەو کەسەی (بەشێوەیەکی فەرمی) هاتووەتە هەرێم و کارتی نشینگەی بیانی دەرهێناوە بەپێی یاسا و ڕێنمایی ڤیزە و نشینگە لە هەرێم و ئەو کەسە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بە هۆکاری هەبوونی مەترسی لەسەر سەلامەتی، ئەوا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات و مافی پەناخوازی بەدەست بهێنێت بەپێی ئەم ڕێنماییە. بۆ دەرهێانی کارتی سەلماندی کەسێتی داواکار ئەو سزا و سەرپێچیەی لەسەریەتی بەپێی یاسای نشینگەی بیانی پاکتاو (تسوية) بکات بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی کەسی داواکار لەپاکتاوکردنی(تسوية) لەسزا و سەرپێچیەکانیدا.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم : نوێکردنەوەی کارتی سەلماندنی کەسێتی**

کارتی سەلماندنی کەسێتی ساڵانە نوێ دەکرێتەوە ، بەڵام لە دەسەڵاتی وەزیرە کارتی سەلماندنی کەسێتی بۆ ماوەیەکی درێژتر بدات بە کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك بە مەرجێك لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت.

هەڵگری کارت پێویستە کارتەکە نوێبکاتەوە پێش ماوەی بەسەرچوونی. ئەگەر پەناخواز داوای نوێکردنەوەی پێشکەش نەکرد لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا دوای بەسەرچوونی بەبێ هیچ هۆکارێکی باوەڕپێکراو (أسباب مقنعة) ئەوا کەسەکە پێبژاردن (غەرا) دەکرێت بە بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر ڕۆژێك. ئەم پێبژاردنە منداڵی خوار (١٨) ساڵ و کەسانی سەرووی (٦٠) ساڵ ناگرێتەوە.

**دووەم : ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی کارتی سەلماندنی کەسێتی:**

١. هەڵگری کارت پێویستە سەردانی نشینگە بکات پێش بەسەرچوونی کارتەکەی بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ کەمتر و لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ لەگەڵ ئەم بەڵگەنامانە:

أ- فۆڕمی بەرکاری UNHCR.

ب- پشتگیری نیشتەجێبوونی پەسەندکراو.

٢. نوێکردنەوەی کارت بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری نەخۆشییە گواستراوەکانن، دەکەوێتە ژێرباری ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئەو پارێزگایە پێشکەش دەکرێت و ئاماژە دەکات ئەو کەسە پەیڕەوی پڕۆتۆکۆلە پێویستییە تەندروستییەکانی کردووە.

**ماددەی دەیەم: گواستنەوەی دۆسیە**

ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پێویستە بۆ گواستنەوەی دۆسییەی هەڵگری کارت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم.

١. پێویستە هەڵگری کارت داواکارییەکە لە بەڕێوەبەرایەتی JCC لەو پارێزگایەی لێی نیشتەجێیە پێشکەش بکات.

٢. بەڕێوەبەرایەتی JCC لەسەر ئاستی پارێزگا پێویستە ڕەزامەندی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی نشینگە وەربگرێت لەو پارێزگایەی کە پەناخواز لێی نیشتەجێیە.

٣. لە دوای وەرگرتنی ئەو ڕەزامەندیانەی سەرەوە، پێویستە داواکاری گواستنەوەی دۆسیە بنێرێت بۆ ئەو پارێزگایەی کە داواکار دەیەوێت لێی نیشتەجێبێت.

٤. بەڕێوەبەرایەتی JCC لەسەر ئاستی پارێزگا پێویستە ڕەزامەندی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی وەربگرێت لەو پارێزگایەی کە پەناخواز دەیەوێت لێی نیشتەجێ بێت.

٥. JCC دوای ئەنجامدانی گواستنەوەکە UNHCR ئاگادار دەکاتەوە.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفون: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
24/ 07/ 2024
(burhan)

٦. گواستنەوەی دۆسیە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم تەنیا یەکجار دەکرێت لە ساڵێکدا جگە لە حاڵەتی (استثناء)ی کە دەکرێت زیاتر لە جارێك بێت.

## ڤیزەی دەرچوون

**ماددەی یانزەم:**

ڤیزەی دەرچوون دەدرێت بە هەڵگری کارت بەپێی داواکاریان بۆ دەرچوون بۆ ماوەیەکی کورت، یان درێژ لەسەر بنەمای ڕێنمایی نشینگەی بەرکار لە هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. داواکاری بۆ دەرچوون بۆ وڵاتی سێیەم پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی نشینگە لەسەر ئاستی پارێزگا دەکرێت کە پەناخواز لێی نیشتەجێیە.

٢. بەڕێوەبەرایەتیی نشینگە پێویستە ڕەزامەندی ئاسایش وەربگرێت و وێنەیەك لەو ڕەزامەندییانە بۆ زانین بدات بە JCC.

٣. لە دوای وەرگرتنی ئەو ڕەزامەندیانەی سەرەوە، ڤیزەی دەرچوون دەدرێت و کارتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە تاکو لە ماوەی دیاریکراو دەگەڕێتەوە.

٤. بۆ ئەوانەی گەشت دەکەن بۆ وڵاتی سێیەم، پێویستە هەڵگری پاسپۆرت بن کە ماوەی بەسەرچوونی کەمتر نەبێت لە (٦) مانگ، یان هەڵگری بەڵگەنامەی گەشتکردن (وثيقة السفر) بن کە ماوەی بەسەر نەچووبێت.

٥. هەڵگری کارت ئەگەر ڕەزامەندی وڵاتی سێیەمی هەبێت بۆ گەشتکردن لە ڕێگەی ڕێکارەکانی UNHCR، ئەوا ڤیزەی دەرچوونیان پێبدرێت. لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی نشینگە.

## ماف و ئەرکی پەناخواز

**ماددەی دوانزەم:**

**یەکەم: مافەکانی پەناخواز:-**

١. ژیانێکی شکۆمەندانە و مافی مانەوەی یاسایی لە هەرێمی کوردستان دەبێت لەو ماوەی کە بۆی دیاریکراوە وەکو لەم ڕینماییەدا هاتووە.

٢. مافی کارکردنی لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەبێتەوە.

٣. سودمەند بوون لە هەموو خزمەتگوزاییە گشتییەکان بەپێی یاسا و ڕێسای لایەنی پەیوەندیدار.

٤. مافی خوێندنی لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هەیە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٥. ڕێگەپێدان بە خوێندنی باڵا، ئەوانەی ئارەزووی درێژەپێدانی خوێندنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق هەیە، پێویستە بڕوانامەی ئامادەیی یەکسان بکەنەوە. یەکسانکردنەوەی بڕوانامە پێویست نییە بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندنی دواناوەندیان لە هەرێمی کوردستان-عێراق تەواوکردووە.

٦. هەڵگری کارتی سەلماندنی کەسێتی، ئەوانەی خوێندنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان تەواو کردوە مافی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان هەیە و دەتوانن لە بواری پسپۆری خۆیاندا کاربکەن. ئەوانەی بڕوانامەیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی دەرەوەی هەرێم بەدەست هێناوە دەتوانن لە بواری پسپۆری خۆیاندا دوای یەکسانکردنەوەی بڕوانامەیان کاربکەن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفون: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
(burhan)
24/ 07/ 2024

٧. مافی هاتن و چوونیان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم دوای بەدەستهێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی هەیە.

٨. داواکردنی گەیاندنی ئەندامانی خێزان بە یەکتر ئەمەش (باوك، دایك، منداڵ، هاوسەر) دەگرێتەوە.

٩. پارێزراوبێت لەسەر بنەمای نەناردنەوەی بە زۆرەملێ بەپێی ئەم ڕێنماییە.

١٠. مافی گەیشتنی بە خزمەتگوزای دادگا هەیە.

**دووەم: ئەرک و بەرپرسیاریەتی پەناخواز**

١. پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێم، لە کاتی پابەند نەبوون بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٢. ئەنجام نەدانی هەر کارێک کە ببێتە هۆی مەترسی لەسەر سەلامەتی و ئاسایش و کۆمەڵگە لە هەرێم یان عێراق

٣. پابەندبوون بە ڕێکارەکانی داواکردن و نوێکردنەوەی کارتی سەلماندنی کەسێتی بەو شێوەیەی لە ڕێنماییەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

٤. ئەو پەناخوازەی هەڵگری نەخۆشییە گواستراوەکانن وەك (HBS, HIV,HCV) پێویستە پەیرەوی پرۆتۆکۆڵە تەندروستییەکان بکەن لە وەرگرتنی چارەسەر بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ئەنجام نەدانی ئەوکارانەی کە بەپێی پرۆتۆکۆڵی تەندروستی قەدەغەکراوە لە پێناو نەگواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ کەسانی تر. نوێکردنەوەی کارتی سەلماندی کەسێتی بەندە لەسەر ڕاپۆرتی پزیشکی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتیی تەندروستی پارێزگاوە ئاماژە کرابێت، کە پەیرەوی پرۆتۆکۆڵە تەندروستییەکان دەکات .

٥. (داواکار) بۆ بەدەستهێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی پێویستە خۆی، یان لە ڕێگەی بریکارەوە بەدواداچوون بۆ کارەکان بکات.

٦. بۆ نوێکردنەوەی کارتی سەلماندی کەسێتی، پێویستە پەناخواز سەردانی بەرێوەبەرایەتیی نشینگە، یان بنکەکانی نشینگە بکات لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی.

**بەندە گشتییەکان (أحكام عامة)**

**ماددەی سیانزە:**

١. هەر کەسێك کارتی سەلماندنی کەسێتی لە هەرێم وەرنەگرێت بە (پەناخواز) هەژمار ناکرێت و سودمەند نابێت لە خزمەتگوزارییەکانی، وەکو مانەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

٢. (داواکار) بۆی نییە هاتووچۆی ناو پارێزگاکانی هەرێم بکات بێ هەبوونی کارت لە هەرێم و نابێت بەسەرچووبێت، یان بێ هەبوونی ڕێگەپێدانی کاتی لەلایەن ئاسایش و نشینگە لەکاتی پێویست.

٣. داواکار یان پەناخواز بۆی نییە فۆرمی (UNHCR) بەکاربێنێت بۆ هاتووچۆ لەنێو پارێزگاکانی هەرێم یان بۆ کارکردن و مانەوە.

٤. هەڵگری کارت بێ ڕەزامەندی پێشوەختەی ئاسایش و نشینگە بۆی نیە هاتووچۆ بکات بۆ دەرەوەی هەرێم.

٥. مامەڵەیەکی تایبەت بکرێت لەگەڵ منداڵ و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکاتی داواکردنی بەدەست هێنانی کارتی سەلماندنی کەسێتی.

٦. کاتی لەناکاو و بەلێشاو هاتنە ژوورەوەی داواکاران بۆ هەرێم، JCC لایەنی بەرپرسە بۆ وەرگرتن و کارکردن لەگەڵ تازە هاتووەکان. JCC پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ (ئاسایش و بەرێوەبەرایەتیی نشینگەکان و کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران) بکات و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکرێت.

٧. ئەگەر پشکنینی خوێنی هەر پەناخوازێك دیاربوو نەخۆشی (HBS, HCV, HIV ) هەیە، پێویستە چارەسەری خۆی بکات و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی جێبەجێبکات و نابێت کارێك بکات ببێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ کەسانی-تر. بۆ نوێکردنەوەی کارتی (سەلماندنی کەسێتی) پێویستە لەسەر نشینگە داوای هەلوێستی چارەسەری بکات لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و دیاربێت کە کۆرسی چارەسەری وەردەگرێت و جێگیرە، بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگرێتەبەر.

٨. کەسی بیانی بە پاسپۆرت و ڤیزە هاتبێتە هەرێمی کوردستان و کارتی نشینگەی وەرگرتبێت لە هەرێم، بە پێی ڕێنماییەکانی ڤیزە و نشینگەی بیانی بەرکار لە هەرێم دوای کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی پاسپۆرتی کەسی بیانی وە توانای نوێکردنەوەی پاسپۆرتی نەبێت لە وڵاتی خۆی بەهۆی هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی، بۆی هەیە داوای مافی پەناخوازی بکات و ببێتە (پەناخواز) دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارەکان کە ئاماژەی پێکراوە لەم ڕێنماییەدا.

٩. هەر پەناخوازێك داوایکرد کە لە وولاتی سێیەم نیشتەجێبکرێت (UNHCR) کار لەسەر کەیسەکەی دەکات بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران.

١٠. دامەزراندنی داتابەیسێکی گشتگیر و هاوبەش لە JCC تایبەت بە تۆمارکردنی زانیارییەکان و ئەرشیفکردنی سەرجەم بەڵگەنامەکان تایبەت بە پەناخوازان و هاوبەشی پێکردنی لەگەڵ ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە و بەستنەوەی بە وەزارەتی ناوخۆ.

١١. دانانی سیستەمی لیستی قەدەغە لە وەزارەتی ناوخۆ و بەستنەوەی بە داتابەیسی ئاماژەپێکراوی سەرەوە.

١٢. ئەو کەسە بیانیەی بە نایاسایی دێتە هەرێم و خۆی بە فەرمی بە لایەنی پەیوەندیدار ناناسێنێ ئەوا ڕەوانەی وڵاتەکەی دەکرێتەوە بە پێی ماددەکانی بەزاندنی سنوور لە یاسای (پاسپۆرت و نشینگە).

١٣. لیژنەی هاوبەشی پێداچوونەوەی هەرێمی، کە پێك دێت لە (ناوەند، ئاسایشی گشتی و ڕەگەزنامە) (٣٠) ڕۆژ جارێک لە بارودۆخی ئاسایی کۆبوونەوە ئەنجام دەدات، هەروەها بە پێی پێویست کۆبوونەوەی زیاتر لەوماوەیە ئەنجام دەدات ، یان بە داواکردنی لایەنێکی ئەندام.

١٤. کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران ڕۆڵی ڕاوێژکاری لە هەردوو لیژنەی ئاماژەپێکراو دەبێت، و بڕیار بۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم دەبێت.

١٥. لە کاتی پێویستدا ئەم ڕێنماییە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ

**ماددەی چواردە:**

١. کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و نووسراوێکی تر ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بێت.

٢. ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت دوای (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وقائیعی کوردستان.

ڕێبەر ئەحمەد

**وەزیری ناوخۆ**

**وێنەیەک بۆ**

- نوسینگەی بەڕێز وەزیر / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا.
- کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران **UNHCR**/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بلاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا ..



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd
(burhan) 17/ 07/ 2024